# وتەی پارێزگاری سلێمانی لە مەراسیمی گرێبەستی پرۆژەی ستراتیژی ریسایکلینی سلێمانی دا

بەناوی خودای گەورە
بەرێز كاك عیماد ئەحمەد جێگری سەرۆك وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزیرە بەرێزەكان...
ئامادە بووانی بەرێز
زۆر بەخێر بێن ، بۆ مەراسیمی ئیمزاکردنی گرێبەستی پرۆژەی ریسایکلینی خاشاکی سلێمانی، کە یەکێکە لەو پرۆژە ستراتیژیانەی بەڵێنی جێ بەجێ کردنیمان دابوو، بۆ سلێمانی.
بەرێزان:
ئاشکرایە،سەرەڕای کاولکارییەکانی رژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عیراق لەسەر ژینگەی کوردستان، شارەکانی کوردستان دوای پرۆسەی ئازادی عیراق و لەم چەند ساڵەی رابردوودا بەهۆی پەرەسەندنی بەرفراوانیانەوە (لە رووی ژمارەی دانیشتوان و بەکاربردنەوە) مەترسی پیسبوونی ژینگەی زیاتر کردووە. هەرچەندە بەپێی ئامارەکان سلێمانی پاکترین شاری عیراقە، بەڵام ئێمە لەچوارچێوەی بەرنامەی حکومەتی هەرێم بۆ پاراستنی ژینگەی کوردستان، بیرمان لەوە کردەوە لەرێگەی میکانیزمە مۆدێرنەکانەوە، کار بکەین بۆ پاراستنی زیاتری ژینگەی شارەکەمان لە پسبوون و چارەسەکردنی خۆڵ و خاشاك کە گرفتێکی گەورەی ژینگەیە لە شارەکانی کوردستاندا.
بۆ ئەم مەبەستەش لە مانگی نیسانی 2012دا لیژنیەکی پسپۆرمان لە نوێنەری پارێزگا وشارەوانی و شارەوانییەکانی سلێمانی پێکهێنا بۆ ئامادەکردنی (T.O.R) و تەندەری پرۆژەی ریسایکلین.
پاش ئامادەکردنی(T.O.R) و بانگەوازی پرۆژەکە لە میدیاکانەوە 23 کۆمپانیای دەرەکی و ناوخۆی هاتنەپێشەوە بۆ جێ بەجێ کردنی پرۆژەکە.
دواتر هەر یەك لەو کۆمپانیاکان بە جیا چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کرا و پاش هەڵسەنگاندنیان لە لایەن لیژنەکەوە 15 کۆمپانیایان هەڵبژێردران و تەندەری پرۆژەکەیان بۆ نێردرا.

پاش گەراندنەوەی تەندەرەکان لەلایەن ئەو لیژنەیەوەو لیژنەیەکی تر باڵا کە پێکهاتبوون لە کاك رەنج لە ئەنجومەنی وەزیران و کاك خەسرەو بریکاری وەزارەتی شارەوانی و کاك یوسف سەرۆکی شارەوانی سلێمانی و کاك خالید بەرێوەبەری شارەوانییەکانی سلێمانی، لەسەر بنەمای چوار خاڵ هەڵسەنگاندنیان بۆ کۆمپانیاکان کرد کە بریتیی بوون لە:
یەکەم/ ماوەی جێ بەجێ کردنی پرۆژەکە
دووەم/ قەبارەی کارگەکەو خەتی بەرهەمهێنانی لە پرۆژەکەدا
سێیەم/ ئەو نرخەی پێشکەشی دەکات بۆ ریسایکلینی هەر تەنێك لە خاشاك
چوارەم/ رێژەی لاندفیڵد، بەجۆرێك لە 20% زیاتر نەبێت.

سەرنجام بەپێی ئەو خاڵانەی هەردوو لیژنەکە کاریان لەسەر دەکرد، کۆمپانیاکانی ((لافارج))ی فەرەنسی و ((گروپی فاروق)) کە هاوبەشیان کردبوو زۆرترین نمرەیان بەدەست هێنا و ئەمڕۆش گرێبەستی پرۆژەکەیان لەگەڵ ئیمزا دەکەین.
پرۆژەی ریسایکلینی سلێمانی، لەرووی گرێبەست و شێوازی جێ بەجێ کردنیەوە ئەزموونێکی تازەیە بۆ هەرێمی کوردستان و پێشتر گرێبەستی لەو جۆرە ئەنجام نەدراوە
پرۆژەکە تێکەڵە لە وەبەرهێنانی کەرتی تایبەت و کەرتی گشتی.
بەپێی گرێبەستەکە هەردوو کۆمپانیا لەماوەی ساڵ و نیوێکدا کارگەکانی ریسایکلن و بەرهەمهێنان لە ناوچەی تانجەرۆی سلێمانی دادەمەزرێنن دەست دەکەن بەریسایکلینی خۆڵ و خاشاکی سلێمانی ، لەبەرامبەردا بۆ ریسایکلینی هەر تەنێك لە خاشاك حکومەتی هەرێم بڕی 18.8 دۆلار دەدات بە کۆمپانیاکە.
هەروەك بە پێی گرێبەستەکە، رێژەی لاندفێڵدی خۆڵ و خاشاکەکە( ئەو بەشەی دەمێنێتەوە دوای ریسایکلین) 20% ە کە ئەم رێژەیەش ستاندارێکی جیهانییە.
پرۆژەکە بۆ ماوەی 20 ساڵ دراوە بەو دوو کۆمپانیایە، مەرجیشمان بۆ بەرهەم(انتاج)ی ریسایکلینەکە ئەوەیە

که به پێی ستانداردی جیهانی بێت و کۆمپانیاکانیش ئازادن بەرهەمەکانیان چۆن ساغ دەکەنەوە.
بەڕێزان: ئێمە بۆ ریسایکلین تەنیا بیرمان لە شاری سلێمانی نەکردووەتەوەو بۆ سەرجەم قەزاو ناحیەکان بەرنامەڕێژیمان کردووەو سەرجەم پارێزگای سلێمانیمان کردووە بە چەند زۆنێك و لە داهاتوویەکی نزیکدا لیژنەکانمان دەست دەکەنەوە بە وتووێژ لەگەڵ کۆمپانیاکان بۆ ریسایکلینی سەرجەم قەزاو ناحیەکانی سنوری پارێزگامان
هەروەك سەرۆکی حکومەتی هەرێم بەڕێز کاك نێچیرڤان بارزانی رایسپاردووین، کە پرۆژەکە بکەینە پرۆژەیەکی هەرێمی و بۆ شارەکانی تری کوردستانیش پرۆژەی هاوشێوە ئەنجام بدەین و شارەکانی تری هەرێمیش سود لەو ئەزموونەی سلێمانی وەربگرن لەرووی میکانیزمی تەندەرین و گرێبەستی پرۆژەکەوە.
جێگەی خۆیەی لێرە سوپاسی زۆری خۆم ئاراستەی هەریەك لە جەنابی کاك دکتۆر بەرهەم ساڵح سەرۆکی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێم و جەنابی کاك نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی کابینەی حەوتەمی هەرێم و کاك عیماد ئەحمەد جێگری سەرۆك وەزیرانی کابینەی حەوتەم بکەم، کە پشتیوانی تەواوی پرۆژەکانی سلێمانی بە تایبەت پرۆژە ستراتیژییەکان بوون و ئەگەر هیمەتی ئەوان نەبوایە نەمان دەتوانی پرۆژەکان سەرپێ بخەین، دووبارە دەستخۆشیان لێدەکەم و بەناوی خەڵکی سلێمانیەوە سوپاسیان دەکەم.
لە کۆتایدا، وێرای دەستخۆشی و سوپاسم بۆ هەموو ئەو کەسانەی بەم پرۆژەیەوە ماندوو بوون، پیرۆزبای ئاراستەی خەڵکی شارەکەم دەکەم و خۆشحاڵم توانیمان بگەینە قۆناغێك سلێمانی وەك هەموو شارێکی پێشکەوتووی جیهان پرۆژەی ریسایکلینی هەبێت و بتوانێت خۆڵ و خاشاکەکەی بەشێوەیەکی زانستی چارەسەر بکات و مەترسی ژینگەی لێ نەکەوێتەوە.